# نووسەری خێڵەکی

## ( ئەڵقەی –2–)

## خێڵ چییە؟

هەندێ پێیان وایە: خێڵ لە پاشماوەکانی کۆمۆنەی سەرەتاییە. هەر خێڵێکیش بگری جڤاکێکی بچکۆلەی لە شێوەی گوندێ یان کۆمەڵە گوندێکدا، بۆخۆی پێکهێناوە، کە بەشی بژێوی خۆیان بەرهەم دێنن و پێوەندیی نێوانیان لەسەر بناغەی خزمایەتی و خوێن دامەزراوە و لە کۆمەڵگە هاوچەشنەکانی خۆیان دوورەپەرێز ژیاون. بەو دوورەپەرێزییەش قەوارەی خۆیان پاراستووە. سەرهەڵدان و لەبەینچوونی خێڵ و سیستمی خێڵەکی ،بەپلەی یەکەم بە گەشەسەندنی ئاستی بەرهەم هێنانەوە بەندە.

نووسەری دانیمارکی، فلەمینگ مادسن پاوڵسن، لە لاپەرە 15ی کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (کورد، گەلی هەرەشە لێکراو)، کاتێ دێتە سەر مێژووی بەر لەزایین دەڵێ: (کوردەکان لەنێو خۆیاندا دابەش ببوونە سەر زنجیرەیەک خێڵی زۆر سەربەخۆ و جەنگاوەر. هەریەکێ لەم خێڵانە بەسوود و قازانجی خۆی پەیمان و ڕێککەوتنی لەگەڵ دراوسێکانیدا دەبەست. کوردەکان هیچ دەوڵەتێکیان پێکنەهێنا.) بەقسەی نووسەربێ، لەبەرەبەیانی مێژووەوە کورد بەدەست خێڵ و سیستمی خێڵەوە ناڵاندوویەتی و کۆسپ بووە لەڕێی پێکهێنانی دەوڵەتی هاوچەرخدا. ئەوان هەر یەکەو بۆخۆی و بەجیا لەگەڵ دەرو دراسێکانیاندا ئامادای گفت و گۆبوون ،کەچی وەکیدی ئامادە نەبوون لەنێو خۆیاندا گەنگەشە بکەن و یەکێتی، یان فیدراسیۆنی خێڵەکان بهێننە ئاراوە. لەوێشەوە دەوڵەتی هاوچەرخ پێکبێنن، کە دەستەبەری هێزو مانەوەیە.. وەک بەدیادەکەوێ خێڵ هەمیشە داری بەرۆحی کورددا داوە!

ئەوی ڕاستی بێ لە فەرهەنگی خێڵدا وشەی(دەوڵەت) مانای سیاسیی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە. بەڵکو مەڕومالاتی زۆر دەگەیێنێ. بۆیە هەروەک چۆن کاتێ ڕێت کەوتە سەرخەرمانێ، نەریت وایە  بە شەنکەر، یان بە خاوەن خەرمان بڵێی: (( خەرمان بەرەکەت)). هەمان دەستوور ئەگەر لەڕێ و بان تووشی شوان هاتی دەبێ پێیبڵێی: (( شوان بەدەوڵەت بی!)) واتە هیوادارم پەزەکانت زیاد بکەن و بەرەکەتیان تێکەوێ.

سەردەمی زوو، سەرژمێری بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە. لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ب. لیرخ، لە کتێبەکەی خۆیدا، کاتێ باس لەهەر تیرەیەکی کورد دەکات بۆ دەرخستنی حەشیمەت و قەبارەیان، لەبری ژمارەی تاکەکان بە ڕەشماڵ حسابیان دەکا، وادیارە پێش ئەویش هەر بەو شێوەیە سەرژمێریی خێڵ کراوە. لیرخ نوسیوێتی:(( شێخ بزینی بریتین لە 10.000 ڕەشماڵ و سورچی 2000 ڕەشماڵ.. هتد.)) ئەوی ڕاستی بێ ڕەشماڵێک دەکاتە جێزانێک.

لەژیانی خێڵدا عورف و ترادشیۆن و داب و نەریتەکان جێی یاساو سیستمەکان دەگرنەوە و پێوەندیی خزمایەتی و خوێن جێی پێوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرنەوە. سەرخێڵ و ئەنجومەنی خێڵیش لەجێی دەوڵەت کاردەکەن. یەکسانی تاڕادەیەکی زۆر لەنێو ئەندامانی خێڵدا بەرقەرارە. ئەگەر قسە لەسەر ژیان بێ ئەوا بۆ هەموانە. ئەگەر مەرگیش بێ ئەوا پێکەوە دەمرن. دابەشبوونی کار و پەیدابوونی چینەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەت دکارن بناغەی مادی و مێژوویی

بۆ ئاوابوونی خێڵ و ڕۆڵی خێڵ دابڕێژن و جێ بۆ سەرهەڵدانی نەتەوە و میللەت خۆش بکەن و تەنگ بەخێڵە دوورەپەرێز و ناکۆکەکان هەڵبچنن. ئەگەرچی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەدا بەرەبەرە خێل و سیستمی خێڵ ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی خەڵکدا بەرەو کزی و ئاوابوون دەچێ، وەلێ بۆی هەیە هزرو دیدی خێڵەکی و ترادشیۆنەکانی خێل، تا ماوەیەکی دوور و درێژ لەخدەو ئاکاری خەڵکدا، کە لەوانەیە بۆ سەدان ساڵ درێژە بکێشێ، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەر بمێنێ. بەڵام بەهەموو بارێکدا پەرەسەندنی بواری پیشەسازی و خێرابوونی بزاڤی بازرگانی ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕن و لەکاریگەریی خێڵ و سستمی خێڵایەتی کەم دەکەنەوە.

دابڕانی خێڵەکان لەیەکدی بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی و ڕێگەوبانی نوێ و دابڕانی کوردستان بۆ مێژوویەکی درێژ لە دنیای پێشکەوتوو، هەروەها دابڕانی دێهات، کە مەڵبەندی داب و نەریتە خێڵەکییەکانە لەشار، ئەمانە هەموو بەسەریەکەوە بوونەتە فاکتەری مانەوە و درێژەپێدانی داب ونەریتە خێڵەکییەکان. بە پێچەوانەشەوە، ڕاکێشانی ڕێگەو بان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەنزیک کردنەوەی گوند و شار و یەکتر ناسینی هۆزەکان و بەگەڕخستنی بواری بازرگانی، کە ئەمانەش بەسەر یەکەوە بەچاکەی کۆمەڵگە دەشکێنەوە. چونکە ئەوەی زیاتر تاکەکانی خێڵی لەیەک نزیک دەکردەوە و تەبایی لەنێواندا دەخولقاندن و ببوە بناغەیەک بۆ یەکڕیزییان؛ ئاستی ژیان و ژیارییان بوو. ئەوان لە ئاستی ژیاندا یەکسان بوون. ئەمەیش کارێکی کردووە و یەکسانییەکی ڕەهایش لە ئەرک ومافەکانیادا ڕەچاوبگیرێ. وێرای ئەوەی یەکگرتوو بوون، هەموو پێکەوە لە هەرێمێکی سنووورداری نیمچە داخراودا ژیانیان گوزەراندووە. وەلێ لە کۆمەڵگەی نوێدا، کاتێ تاکەکان دەبنە مووچەخۆر و سەرباز و کرێکار، ئەوا بۆ هەرێمەکانی دی دەگوێزرێنەوە و بەژمارەی زۆر ، لەزێدی خۆیان هەڵدەکەنرێن و دووردەکەونەوە، ئیدی چاویان دەکرێتەوە و دکارن سامان کۆبکەنەوە و کەسانی سەربەخێڵی دیکەش بناسن و ژن و ژنخوازیی لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە.. هەروەها کاتێ ئاستی خوێندەواریی پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، ئیدی ئاکار و بیرکردنەوەیان سەبارەت شکۆ و سەروەریی خێڵ و پیرۆزیی داب و نەریتەکانی تا ڕادەیەک گۆڕانیان بەسەردا دێ. بەرژەوەندییە هاوبەشەکان وەک جاران نامێنن. ئەو ڕێزبەندی و هاوکاری و یەکدەنگییەی ئەوسایان لەنێواندا دەپووکێتەوە و بەرە بەرە نامێنێ. بگرە بەرژەوەندییە تایەتییەکان کارێ دەکەن ناکۆکی بکەوێتە نێوان تاکەکانی هەمان ئەو خێڵەی تا ماوەیاک لەمەوبەر موو بە بەینیاندا نەدەچوو. سەرخێڵیش دەسەڵاتە ڕەهاکەی جارانی دەدۆڕێنێ. ئەو حەلە جیاوازیی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا جێی هاوسانییەکەی ئەوسا دەگرێتەوە. ئەوحەلە دوورەپەرێزی ڕوودەکاتە توێژ و تاکەکانی هەمان خێڵ، کە جاران ئەو دوورەپەرێزییە لە نێوان خێڵە نەیارەکاندا بوو. چیدی وەک پێشتر گوێڕایەڵی سەر خێڵ و ئەنجومەنی خێڵ نابن و بیروڕای دژ بەیەک سەرهەڵدەدا. زۆرێک بەدوای ژیان و گوزەرانی باشتردا، زەوی و گوند یان هەرێمە هاوبەشەکە جێدێڵن. ئیدی وردە وردە هەست بە هاتنەپاڵ (إنتماء) نەتەوە و دەستەو تاقمی کۆمەڵایەتی لەلایان سەرهەڵدەدا. ئەوێک پێشتر وەهای زانیوە بەبێ خێڵ ژیانی مەحاڵە و کەس لە دەرەوەی سنووری خێڵەکەی سەنگ و نرخێکی بۆ دانانێ و بەبێ خێڵ تاکێکی نەناسراوو (لە خێڵ جێماو)و تەنیاباڵ و بێهێزە. بوونی ئەو تەنیا لە ڕێگەی بوونی خێلەوە دەسەلمێ و گوزارشتی لێدەکرێ. کەچی هەرکاتێ ئەو پێچکردنەوە گەورەیە ڕوویدا؛ ئیدی هەست دەکا نهێنی یەکێتی گەل و دروست بوونی نەتەوەکەی لە فەوتان و لەبەریەک هەڵوەشانی خێڵە پاشەڕۆکاندایە. تێدەگا هێزی نەتەوەکەی والە بێهێزیی و بێدەسەڵاتی

خێڵ و ئاكاره خێڵەكییەكاندا. تێدەگات ،كە دەسەڵاتی خێڵ لەسەر حسابی كەم كردنەوەی شكۆو دەسەڵاتی دەوڵەتە. بۆیە لەبەینچوونی خێڵ و سیستمی خێڵ دەها باشترە. تێدەگا ئەو خێڵەی ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم شانازیی پێوە كردووە، تەنیا بەشێكی بچووكی گەلەكەی پێكهێناوە. بۆیە چاكتر وایە قوربانی بە دەسەڵات و نەریتەكانی خێڵ بدات لە پێناوی باڵادەستیی و سەروەریی هەموو نەتەوەدا. دەبێ ئەویش بزانین، ئەگەر بێتو ئەم پرۆسەیە بدەینە دەست مێژوو، تاكو بەكاوەخۆ و بەشێوەیەكی سروشتی بەڕێوە بچێ؛ ئەوا دەسخەڕۆ دەبین و زەمانە بە ئاسانی بۆمان چارەسەر ناكا. بەڵكو ئەوحەلە پرۆسەكە زۆر بەخاوی بەڕێوە دەچێ و ساڵانێكی دوور و درێژ دەخایێنێ. بۆیە بۆ دەست و برد لەم پرۆژە نیشتمانی و شارستانییەدا، دەبێ دەستەبژێری ڕووناكبیر ڕۆڵی خۆیان ببینن. هەروەها گەرەكە پرۆگرامی خوێندن و بەرنامەی پارتە پێشكەوتووەكان بۆ هەڵتەكاندنی خێڵ، بەخۆی و دەسەڵات و داب و نەریتە دزێوەكانییەوە؛ توانایان بخەنەكار و ئالیكاری بكەن. بۆیە خێڵەكی و ئەوانەی دژی سیستمی خێڵەكی و تیرەگەرین؛ وەك دوو تەرەف، یەكێكیان پاشڤەڕۆ و دژ بە ڕەوتی مێژوو، ئەوی دیكەیان ئایندەخواز و شارستانی؛ بە دوو میتۆد و ئاراستەی جیاواز كاردەكەن. ئەوانە دوو تەرەفی ناكۆكن و هەرگیز بەیەك ناگەن.

بورهان غلیون، لە كتێبەكەیدا، (سیستمی تایەفەگەریی لە دەوڵەتەوە بۆ خێڵ) دەڵێ: ((هاوكارییەكی زگماكە لەنێو بەشێكی گچكەی كۆمەڵگەدا، كە لەسەر حسابی گوێڕایەڵی گشتی بۆ تەواوی جڤاك جا ئاینی بێ یان نەتەوەیی دێتەدی. زگماكی پێدەڵێین تاكو لە گوێڕایەڵی شارستانی جیای بكەینەوە، كە بابەتییانەیە و هەمووان دەگرێتەوە و لەلایەن دەوڵەتەوە پەرەی پێدەدرێ.. جەخت كردن لەسەر خود لەكن خێڵەكی گرنگیی زۆر تایبەتیی پێدەدەرێ. ))

هەرچۆنێ بێ مانەوەی تایەفەگەری و خێڵ، پەتایەكی خەتەرناكە؛ چونكە لەبری ئەوەی تاكەكان گوێڕایەڵی و دانەپاڵیان(ولاء و إنتماء) تەنیا بۆ یەك سەرچاوە هەبێ، كە ئەویش نیشتیمانە، سیستمی تایەفەو خێڵ فرەدانەپاڵ و فرە گوێرایەڵی دێنێتە ئاراوە. مانەوەی، بە مانەوەی نەزانین و نزمیی ئاستی خوێندەواری و هوشیارییەوە بەندە. گەڕانەوە بۆ بنەما نەتەوەییەكان و جێگیركردنیان لەكۆمەڵدا دەبێتە مایەی ئەوەی لە ئایندەدا بەسەر پاشماوەكانیدا زاڵ ببین. دەسەڵاتە ناجێگیرەكانیش بۆیە هاوكاری خێڵەكانن و دەیانبووژێننەوە، یان خێڵی نوێی قەڵب و دەستكرد دێننە ئاراوە ، تاكو لەكاتی لێقەوماندا هانا و پەنایان بۆببەن. بەڵام ئایا لە ڕۆژی لێقەوماندا خێڵ دێتە كۆمەكی هێزی ڕووخاو؟

غەلیون پێیوایە: (( كۆمەڵگەی خێڵەكی، جڤاكێكی هەلار هەلار بووە. زۆرینەیەكی نەگۆڕی ڕاستەقینەی لێ پێكنایەت. نەبوونی زۆرینەیەكی باڵادەستیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئایدیۆلۆجیای زۆرینەش دەروست نەبێ و دەوڵەت نەتوانێ دەسەڵاتی ناوەندیی خۆی پیادەبكا.. لێرەوە خێڵ و دەڤەرگەرایی پەرەبسێنێ و دەسەڵات ڕاستەوەخۆ بەخێڵی سەرۆك یان شارو گەڕەكی سەرۆكەوە گرێبدرێ.))

یەك لەباری دەسەڵاتی كورد، پێویستە پشت و پەنای ئەو ڕووناكبیرانە بێ ،كە بەدەر لەتایەفەو دەڤەرگەرایین و لەودیو ڕەشماڵی خێڵەوە ڕەج دەدەن؛ تاكو بتوانن بە تەواوی دڵنیایی و ئازادییەوە كار بۆ نەتەوەكەیان بكەن و پشت ئەستووربن. هەموو ڕووكردنە خێڵێكیش وەها لێكدەدرێتەوە، كە حیزب و حكوومەت دەسەڵاتیان لەكزیی داوە و ناتوانن جومگەكانی دەوڵەت، دەزگاكانی؛ تەنانەت تاكەكانیشی وەك پێویست لە هەموو مەترسی و دەست درێژییەك بپارێزن.

## ئاکاری مرۆڤی خێڵەکی:

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە کەسێتی مرۆڤی کورد بناسی، وەک دەستپێک باشتر وایە لە پێکهاتەی کەسێتی تاکی خێڵەکی بگەی و بچیتە بنج و بناوانی. شەرەف، کەرامەت، ناموس و عەیبە، زاراوەگەلێکن، هەمیشە بەسەرزاری تاکی خێڵەکییەوەن. کەرامەت ڕووشاندنی تاکێکی خێڵ، دەبێتە دیاردەیەکی هەستیار و ناسک. سەرپاکی ئەندامانی خێزانەکە و بەرەباب و بگرە هەموو خێڵەکەیش دەگرێتەوە و پێی شانکورت و لەکەدار دەبن. بۆیە خراپ دەورووژێن و نەرێیانە کار لە دەروون و ناخیان دەکات. ئەمە مەسەلەیەکی ئەوەندە هەستیارە، لێبوردن هەڵناگرێ و ئەوان لە بەرامبەریدا کاردانەوەی توند دەنوێنن. تۆ هەر بەوەندەی کچەکەیت خۆشبوێ بام هەر تەنیا گفت و گۆشتان لەنێاوندا هەبێ و دەستیشت بەر دەستی نەکەوتبێ. بەڵام بەو خۆشەویستییە دەچیتە خانەی دوژمنەوە، چونکە لە فەرهەنگی ئەودا خۆشەویستی قەدەغەیە و بە مەسەلەی ناموس لێکی دەداتەوە.

کورد ئەگەرچی زۆر بەتەنگ شەرەفەوەیە و (ئابڕوو)ی لە ئافرتدا کۆی کردۆتەوە وبەپێی یاسای خێڵ توندترین سزای لەسەرە، کەچی بەرامبەر وشەی(إغتصاب) ی عارەبی هیچ زاراوەیەکی پڕ بەپێستی، لە فەرهەنگیدا نییە. مەگەر وشەی لێکدراوی (زۆرەدەستگرتەی)، کە زاراوەیەکی کۆنی هەورامییە، ڕەنگە تا ڕادەیەک لەو مەبەستەمان نزیک بخاتەوە.

هەر چۆنێک بێ؛ لەپێناوی کۆکردنەوەی کەرامەتی لەوتاو و ڕژاویان هەموو ئەندامانی خێڵ ئامادەی قوربانی و هاریکارین. جێی باسە بەشی هەرە زۆری ئەو ئاکارانەی خێڵ و کوڕانی خێڵ بە (عەیب و بێئابڕوویی) دەزانن، لەدنیای مۆدێرندا تەواو ئاساییین. بەپێچەوانەیشەوە ئەو ئاکارانەی خێڵ بە( جوان و لەبار)یان دەزانێ، لەدنیای پێشکەوتوودا تۆزیان لێنیشتووەو چوونەتە مۆزەخانەوە. بەڵکو هیچ پەیوەندییان بە ڕەوشت و مۆراڵەوە نییە. ئاکار و مۆراڵ پاراستن و کەرامەتی خێڵ بەرادەیەک گرنگ و هەستیارە، پاراستنی کەرامەتی نەتەوایەتی و نیشتیمانی لە بیربردوونەتەوە. سووکایەتی کردن بە هەر ئەندامێکی خێڵ، دەکاتە سووکایەتی بە سەراپای خێڵ و بەتوندی کار لەزەینی مرۆڤی خێڵەکی دەکات و یەکسەر گیانی تۆڵەی لەلا دەورووژێنێ. مرۆڤی خێڵەکی دەبێ هەردەم ئامادە باشی پەرچ دانەوەبێ. ئەندامی خێڵ ئەگەر نانی نەبێ، گەرەکە چەکی هەبێ. ئەو گەرەکە کەللەڕەق و دڕو کردە و ئازا بێ و نەرمی نەنوێنێ. خوێنی ڕژاو بەخوێن، بەماڵی دنیا، بەوەی ژن بەکەسی لەپێشی کوژراو بدەی، یان بە هەردووکیان پێکەوە، تۆڵەی دەکرێتەوە. شەرەفی لەوتاو بەخوێن ڕشتن پاکدەبێتەوە. هەرکاتێ خێڵ حەوەجەی کەوتە هەر تاکێکی خۆی، ئەو دەبی کوڕی ڕۆژی دەعوا و تەنگانەبێ. ئەگەر سستی وترس و نەرمی نواند ئەوا ڕێزی خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێتە گاڵتەجاڕی کوڕگەلی خێڵ و ئیدی وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگە داخراوە بایەخی خۆی لەدەست دەدا. تاکیش بەحوکمی ئەوەی کوڕی خێڵێکی دیاریکراوە، دەبێ بۆ خێڵەکەی بەوەفا بێ، نەداتە پاڵ خێڵێکی دیکەی نەیار و خیانەتی لێنەکات، دەنا بەرنەفرەتی خێڵەکەی دەکەوێ و حاشای لێدەکرێ.

وەکیدی مرۆڤی خێڵەکی کەسێکی نان بدەو بەرچاوتێرە. لەئاستی میواندا خاوەنماڵ نییە. دڵاوایەو شانازی بە میوانی زۆرەوە دەکات. هەموو خێڵەکییەک خەون بەوەوە دەبینێ ڕۆژێ لەڕۆژان ببێتە خاوەنی دیوەخانێکی گەورە ؛ بەردەوام دەستەیەک میوان بەڕێبکا و لە پێشوازیی لە دەستەیەکی

نوێدا بێ. پێخۆشە هەردەم سەماوەر سیرەی بێت و چایی و قاوە دەمکرابن. ئەو بۆ خزمەتی میوانان خۆی و منداڵەکانی دەستەونەزەر بەپێوەن و هەرچییان لەدەست بێ بۆ دڵڕاگرتنی میوانەکانیان دەیکەن و ئەم ئاکارە بە بەخشندەیی و گەوەرەیی بۆی حسابە. تاماوەیەکی کورت لەمەوبەریش وەک نواندنی ڕێز لەکاتی بەڕێکردندا پێڵاویان بۆ میوان دادەنا..

خێڵەکیی کورد دەڵێن: ( خێوەت دەرگەی نییە.) بەو مانایەی لەئاستی میواندا هەردەم دەرگەیان ئاوەڵایە. ڕاستییەکەی، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەزانین ئەم بەرچاوتێرییە زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، مرۆڤی خێڵەکی لە جێیەک توێتکەیان نەخواردووە. بەڕێی گەرمیان کوێستانەوە بوون و جێگیر بوونیان بۆ ماوەیەکی کورت و ژیانیان لەڕەشماڵدا بەسەر بردووە. کەل و پەلی سادەیان بەکارهێناوە. قەراریان نەگرتووە هەتا وشکەدان و ئازووقەی زۆر و پێداویستیی دیکەی کەمالیات لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە. ئەوان کەمتر ئەمبار و پاشەکەوتیان کردووە. ئەوان وەک مرۆڤی شارستان بیریان لەلای ئایندە نەبووە. بەڵکو پاشەڕۆژ لە فەرهەنگی ئەواندا هیچ نموودێکی نەبووە و خەمیان هەڵنەگرتووە. بۆیە میتۆد و شێوازی ژیانیان وەها هەڵدەگرێ دەست و دڵ کراوە و بەرچاو تێر بن و بەتەنگ ماڵی دنیاوە نەبن. بەزۆریی ئاستی ژیان و بژێویشیان چونیەک بووە. ئایەو مایەیان ئاژەڵ بەخێوکردن بووە و پاشان هاتوونەتە سەر ڕەنو هێنانی زەوی ، ئەویش بە شێوازێکی سەرەتایی.

تاکو ئێستاش جووتیاری کورد لەباشوور، بەسەرەتایی ترین شێوە کشت و کاڵ بەرهەم دێنێ وگاو گۆتاڵ ومەڕوماڵات و پەلەوەر و هەنگ بەخێو بەدەکات!.. لەکۆندا خێڵی کورد کشت وکاڵیشیان نەکردوە، تەنیا سەرگەرمی چێوداریی بوون. لەپاڵ ئەوەشدا بۆ سواریی ئەسپی ڕەسەنیان ڕاگرتووە. هەر بۆیە دەرامەت و ئاستی ژیانیان تاڕادەیەکیی زۆر هاوسان بووە. لەبواری چێوداریدا خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانن. سەرنج بدە بەرامبەر وشەی (خیمة)ی عارەبی (ئەوەندەی من بیزانم) چەند هاوواتا هەیە: ( خێوەت، خێڤەت، ڕەشماڵ، سیاماڵ، هەواری. چاتۆڵ، چاتۆڵە، سەیوان، شاسەیوان، عەبر، کۆن، چادر، دەوار، تاوڵ سیاچادر، تەوەندە).

چونکە بەشێکی زۆری ژیانی خێڵەکی لەو زۆزان و سەهەندانەی کویستان بەسەردەچێ و هەمیشە پێویستییان بەئاگرە ، بزانە بەرامبەر وشەی(جمرة) عارەبی(دیسان ئەوەندەی من بزانم) چەند هاوواتا هەیە: (پشکۆ، سکڵ، ئەسکڵ، پۆل، پۆلو، پەن، پن، پەڕەنگ، کۆزی، ئێژگڵ، پەل)

تۆ ئەگەر شاریی بی ئەوا بێگومان: ( هەڕی لەبڕی جیاناکەیتەوە!) ئەوان ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسانی نەزان و نەشارەزا بەکاری دێنن. واتە ناتوانێ مەڕو بزنەکانی خۆی لەهی خەڵکی دی هەڵاوێرێ و جیایان بکاتەوە. چونکە لەکن تۆی شاریی ، کارو بەرخ و مەڕو بزنەکان هەموو لەیەک دەچن. بەڵام لەکن ئەو وەها نەکەوتۆتەوە. جیاوازییەکان زۆرن و تۆ هەستیان پێناکەی. بۆ هەر جێوازییەک، چەند گچکەش بێ، لەلای ئەو زاراوەیەکی تایبەت هەیە و شوان دکارێ مەڕی خۆی پێبناسێتەوە!

نووسەری یابانی( نوتوهارا).کە بۆخۆی ماوەیەک لەنێو خێڵە عارەبەکاندا ژیاوە تاکو لەنزیکەوە بیانناسێ و لە ئاکاریان بکۆڵێتەوە؛ سەبارەت خێڵی عارەب ،کە جیوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خێڵی کورددا نییە. لە لاپەڕە 78 ی کتێبەکەیدا نووسیوێتی: بەدو لەنێو ڕەشماڵدا دەژی. لەنێوان ڕەشماڵ و سروشتدا هیچ لەمپەرێک نییە. بەدو ڕەخنە لەجوتیار و شارنشینان دەگرێت و لاقرتیان پێدەکات و بەترسنۆکیان دەزانێ. ئەوان خۆیان لەودیو دیوار و دەرگە داخراوەکانەوە دەپارێزن لەودیو درەخت و تەختەوە خۆیان دەشارنەوە؛ لەکاتێکدا بەدو بەبێ حیمایە دەژی و پشت بە بتەوی

ئازایەتی خۆی دەبەستێ. لە شوێنێکدا قەرارناگرێ و لەبەرامبەر سروشتدا بەبێ لەمپەرو بەربەست، ڕوو بە ڕوو وستاوە. ))

لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: بەبێدنگی و بەخێراییەکی زۆرو بەبێ وەستان نان دەخوات.. هەروەها پێیوایە بەدو پێویستیی بە پشوودرێژییەکە، لە سنووری سەبری ئێمەی تێدەپەڕێ،. وەک نموونەیەکی ساکار، من ئەو پشوودرێژییەم لەلا نییە لەخێوەتێکدا دابنیشم و چاوەڕوانی خۆرئاوابوون بکەم تاکو زەوی فێنک بێ و دوای چەند سەعاتێک ئەوسا شەماڵێکی نیان هەڵبکا. بەڵام بەدو دەتوانێ.. هەروەسا دەڵێ: نیشتەجێکان لەدووی چەندێتی دەگەڕێن و بەدو لەدووی چۆنێتی. بەدو دەپرسێ: چۆن؟ لەکاتێکدا نیشتەجێ دەپرسێ: چەند؟. هەروەها پێی وایە: لەئاکارەکانی بەدو: میوان نەوازی و شانازی و خۆ دەرخستن و پیشاندانی ئازایەتییە، ڕەنگە بڵێم لەوە دڵنیام ، کە بەدو گرنگی بەشتی تایبەت نادەن و نهێنی ناپارێزن.. هەروەها ئەوان وەک ئێمەی نیشتەجێ خۆیان میوانەکانیان دەستنیشان ناکەن. بەڵکو بەدو بەبێ جیوازیی پێشوازیی لەهەموان دەکەن.. دیسان لە لاپەڕە 87 دەڵێ: پیاوی بەدەوی کاتێک لەخێوەتەکەیدایە دوو ئەرکی لەسەرشانە: خۆویستانە پێشوازی لەمیوان بکات و بەرپەرچی دوژمنان بداتەوە. ئەوەی نەتوانێ بەرپەرچی ئەوانە بداتەوە کە دەستدرێژیی دەکەنەسەر خۆی و خێوەتەکەی، بەدو بەکەسێکی سووکی دەزانن و سیفەتی گەورەی خێزان لەدەست دەدا.

**ماویەتی**